# ( خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها ـ )
# دایکی موسڵمانان
# قوتابخانەیەکی پەروەردەیی
# وکەسایەتییەکی بێدەنگ!

ئامادەکردنی
ستافی گۆڤاری ئەیوبی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان
ba8.org walamakan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

**ناو نيشانی ئەم ناميلكەيە پێويستی بە ڕاڤەيەك دەكات پێش ئەوەی بچينە ناو بابەتەكەوە:**

**بەشی يەكەمی ناونيشانەكە:** (**خديجة الكبرى - رضي الله عنها - دايكی موسڵمانان**) ئەوە دەگەيەنێت، كە هيچ پێويست ناكات باسێكی تەقليدی لە ناسنامەی ئەم ئافرەتە پايەبەرزە (رضي الله عنها) بكرێت، وەكو ناوی سيانی و ساڵی لە دايك بوون... هتد، چونكە (دايك)ە وەك لە قورئانی پيرۆزدا هاتووە: ﴿وَأَزۡوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمۡۗ﴾(١)

واتە: خێزانانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دايكی

(١) الأحزاب : ٦

موسڵمانانن و کەسیش نییە دایکی خۆی نەناسێت[1]، ناشمانەوێت باسەکەمان تەحصیلی حاصل بێت، کە لە زۆربەی سەرچاوەکاندا هاتووە[2] ، ماموستایانمان لەسەر مینبەر دووبارەی دەکەنەوە.

## بەشی دووەمی ناونیشانەکە: ( قوتابخانەیەکی پەروەردەیی ) لە بەرئەوەی لە قورئانی پیرۆزدا وەکو

---

(١) قال الحافظ ابن حجر : ((أم المؤمنين)) مأخوذٌ من قوله تعالى ﴿وَأَزۡوَٰجُهُۥٓ أُمَّهَٰتُهُمۡۗ﴾ ...و إنما قيل للواحدة منهن أم المؤمنين للتغليب، و إلا فلا مانع أن يقال لها أم المؤمنات على الراجح (فتح الباري١\١٨)

(٢) ينظر: ترجمتها في : الإصابة لإبن حجر(١١٠٩٢) و أسد الغابة لإبن أثير(٦٨٧٤) و الإستعاب لإبن عبد البر(٣٣٤٧) و طبقات ابن سعد(٥٢١٨) و المعرفة و التأريخ للفسوي(٣\٢٥٣) و غيرها من المراجع تجدها في حاشية سير النبلاء ٢\١٠٩ط مؤسسة الرسالة . و أفرد ترجمتها عبدالحميد طهماز في أعلام المسلمين الكتاب رقم٣١ ط: دار القلم. و الدكتور محمد الربيش في كتابه (أمهات المؤمنين في السنة النبوية ص١٤٧ ـ ١٩٧) وغيرهما

باسمانکرد به دایك وەسف دەکرێت، کەواتە قوتابخانەیەکی پەروەردەییە بە دەقی قورئانی پیرۆز، چونکە دایك قوتابخانەی یەکەمە بۆ پەروەردە[(١)].

**بەشی سێیەمی ناونیشانەکە: (کەسایەتییێکی بێدەنگ)** دایکی موسڵمانان (خديجة الکبری) زوو وەفاتیکردووە پێش فەرزبوونی نوێژ، بۆیە ڕیوایەتی لە پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) نەگێڕاوەتەوە، وەکو

---

(١) قال الشاعر حافظ إبراهيم :

الأُمُ مــدرسةٌ إذا أعـــددتــها — أعددت شعباً طيب الأعراق

وقال الرصافي :

ولم أرَ للـــــــخلائق من محلٍ — يُهذِّبها كـــحضن الأُمهات

فَحِضــنُ الأُمِ مــــدرســــــةٌ — بتربية البنين و البنــــــاتِ

وأخلاق الــوليد تقاس حسناً — بأخلاق النساء الوالــــدات

خێزانەکانی دیکەی پێغەمبەرمان (صلی اللّٰه علیه وسلم).

ئەمەش جۆرێکە لە بێدەنگی کە جوانییەك بەم کەسایەتییە دەبەخشێت، چونکە سەرەڕای بێدەنگییەکەی هەرکات باس لە سەرەتاکانی بانگەوازی ئیسلام و قورئان و محمد (صلی اللّٰه علیه وسلم) کرا، گوێبیستی باسی (خدیجة الکبری) دەبین، کە چۆن ئافرەتێك بووە بەقەد نیوەی ئیسلام بانگەوازی دەکرد بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤایەتی بە ئافرەت و پیاوەوە لە بەندایەتی (مخلوق) بۆ بەندایەتی (خالّق). ئەمەش لە کاتێکدا بوو، کە ڕەگەزی مێیینە زیندەبەچاڵ دەکرا لە جەزیرەی عەرەبیدا، لە وڵاتانی وەکو فەڕەنسای ئەوکات ئافرەتیان بە مرۆڤ نەدەژمارد[(١)]. لە (چین)

(١) قال الأستاذالمغربي في خطابٍ له بعنوان: (المرأة و محمد) (منشور في مجلة المجمع العلمي العربي ـ دمشق ج٤ م٨ ص ١٩٧): ( و من أعجب المصادفات

کەمترین نرخی هەبوو[(١)]! لە (هند) ئافرەت بووی نەبوو لەگەڵ خێزانەکەی نان بخوات، بەڵکو پاشماوەی خواردنەکەی دەیخوارد[(٢)]! لە (ڕۆما) لە یاسای ڕۆمانی ڕەگەزی مێینە بە مانای نەبوونی (أهليه) بوو! واتە کەسی مێ وەکو کەسی بالغ نەبوو یان شێت دەژمێردرا[(٣)]! ئەمە حاڵی مرۆڤایەتی

---

أن ينعقد مجمع (ماكون) في زمن محمد (صلى الله عليه وسلم) أي سنة ٥٨٦ للميلاد في فرنسا و يبحث هل المرأة إنسان؟ ) و في الحجاز محمدٌ يعلن : ((إنما النساء شقائق الرجال))!

(١) من أغاني الصينيات في ذلك العهد : ((ألا ما أتعس حض المرأة، ليس لها في العالم كله شيء أقل منه ثمناً ...)) (قصة الحضارة \ حضارة الصين) تأليف ول ديورانت ص٢٧٣

(٢) ينظر : (قصة الحضارة \ حضارة الهند) ٣\١٧٩

(٣) ينظر : ((مبادىء القانون الروماني )) د . محمد عبد المنعم بدر، و د.عبد المنعم البدراوي ص١٩٧،٢٤١ ط : دار الكتاب العربي ١٩٥٢ . و

بوو، کاتێك دایکمان (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها) شان بەشانی هاوسەرەکەی محمد (صلى الله عليه وسلم) پەیامی ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ۝١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ۝٢ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ۝٣ ٱلَّذِي عَلَّمَ بِٱلۡقَلَمِ ۝٤ عَلَّمَ ٱلۡإِنسَٰنَ مَا لَمۡ يَعۡلَمۡ﴾ بڵاویان دەکردەوە، بە مرۆڤایەتییان ڕادەگەیاند کە خوێندن و خواپەرستی مایەی ڕزگاری مرۆڤن بە ئافرەت و پیاوەوە.

ئەوەی لەم بابەتەدا جێی مەبەستە بەشی دووەمی ناونیشانەکەیە، کە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك زیاتر

---

ينظر أيضاً : ((مظاهر تكريم المرأة في الشريعة الإسلامية)) تأليف: أ.سعاد محمد صبحي داخل ص١٣ـ١٨ ومابعده.

پێویستیمان پێیەتی، ئەویش: (**قوتابخانەیەکی پەروەردەیی**)یە واتە: ئەو بنەما پەروەردەییانە چین کە لە کەسایەتی دایکی موسڵمانان(خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها) ڕەنگدەدەنەوە، تاوەکو ئەمڕۆ سوودیان لێ وەربگرین؟

بۆ ئەم مەبەستەش لە سەر لاپەڕە یەکەمەکانی (صحيح البخاري ـ فەرموودەی ژمارە٣)دا دەوەستین و چەند دێڕێکی فەرموودەی دەستپێکی وەحی (بدءُ الوحي) دەخەینە بەرچاو، کە باس لە خاڵی وەرچەرخانی مێژووی مرۆڤایەتی دەکەن و ڕۆڵ و پێگەی (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها) لەم وەرچەرخانەدا دیاردەخەن:

عَنْ عَائِشَةَ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ أَنَّهَا قَالَتْ :

(( .... جَاءَهُ الْحَقُّ وَهُوَ فِي غَارِ حِرَاءٍ ، فَجَاءَهُ الْمَلَكُ فَقَالَ اقْرَأْ . قَالَ « مَا أَنَا بِقَارِئٍ» قَالَ « فَأَخَذَنِي فَغَطَّنِي حَتَّى بَلَغَ مِنِّي الْجَهْدَ ، ثُمَّ أَرْسَلَنِي فَقَالَ اقْرَأْ . قُلْتُ مَا أَنَا بِقَارِئٍ فَأَخَذَنِي فَغَطَّنِي الثَّانِيَةَ حَتَّى بَلَغَ مِنِّي الْجَهْدَ ، ثُمَّ أَرْسَلَنِي فَقَالَ اقْرَأْ . فَقُلْتُ مَا أَنَا بِقَارِئٍ . فَأَخَذَنِي فَغَطَّنِي الثَّالِثَةَ ، ثُمَّ أَرْسَلَنِي فَقَالَ: ﴿ٱقْرَأْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلَّذِى خَلَقَ ﴿١﴾ خَلَقَ ٱلْإِنسَـٰنَ مِنْ عَلَقٍ ﴿٢﴾ ٱقْرَأْ وَرَبُّكَ ٱلْأَكْرَمُ﴾ [(١)]

فَرَجَعَ بِهَا رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم يَرْجُفُ فُؤَادُهُ ، فَدَخَلَ عَلَى خَدِيجَةَ بِنْتِ خُوَيْلِدٍ رضى الله عنها فَقَالَ « زَمِّلُونِى زَمِّلُونِى » . فَزَمَّلُوهُ حَتَّى ذَهَبَ عَنْهُ الرَّوْعُ ، فَقَالَ

---

(١) العلق : (١ ـ ٣).

لِخَدِيجَةَ وَأَخْبَرَهَا الْخَبَرَ « لَقَدْ خَشِيتُ عَلَى نَفْسِى » . فَقَالَتْ خَدِيجَةُ كَلاَّ وَاللَّهِ مَا يُخْزِيكَ اللَّهُ أَبَدًا ، إِنَّكَ لَتَصِلُ الرَّحِمَ ، وَتَحْمِلُ الْكَلَّ ، وَتَكْسِبُ الْمَعْدُومَ ، وَتَقْرِى الضَّيْفَ ، وَتُعِينُ عَلَى نَوَائِبِ الْحَقِّ ...))[١].

پوختەی واتایەکە : ((پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) لە ئەشکەوتی حیرا وەحی بۆ هاتووە کە ئایەتەیەکەمەکانی سورەتی (عەلەق)ن ﴿ٱقْرَأْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلَّذِى خَلَقَ ۝١ خَلَقَ ٱلْإِنسَـٰنَ مِنْ عَلَقٍ ۝٢ ٱقْرَأْ وَرَبُّكَ ٱلْأَكْرَمُ﴾ بەترسەوە و بەم چەند ئایەتە پیرۆزەوە

(١) أطرافه عند البخاري في الصحيح:(٣٣٩٢،٤٩٥٣،٤٩٥٥، ٤٩٥٦،٤٩٥٧، ٦٩٨٢). و أخرجه أحمد في مسنده (٢٥٨٦٥) ومسلم في صحيحه (١٦٠)(٢٥٤).

گەڕاوەتەوە لای خێزانەکەی (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها) و فەرمانی پێکردووە کە دایپۆشێت، ئەویش دایپۆشیوە، تاوەکو ترسەکەی نەماوە، لە پاشان بۆ خديجه (رضي الله عنه) باسی ڕووداوەکەی کردووە، پێی فەرمووە کە لە خۆی ترساوە. لە وەڵامیدا (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها) دڵەدڵەی داوەتەوە پێی فەرمووە: سوێند بە خودا، خودا تووشی سەرشۆڕیت ناکات، چونکە تۆ کەسێکی: صیلەی ڕەحم بەجێدەگەیەنی، دەستی بێچارە دەگری، یارمەتی هەژار دەدەی، ڕێز لە میوان دەگری، بۆ هەموو کۆمبوونێك لەسەر سەرخستنی مافە ڕەواکانی خەڵك هاوکاری دەکەی)).

لەم چەند دێرەی ئەم فەرموودە پیرۆزەدا، کە خاڵی وەرچەرخانە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا[١]، چەند بنەمایەکی کەسایەتی (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنهاـ) دێنە بەرچاومان، کە بنەمای ڕەوشت بەرزی و کۆڵەگەی ڕێبازی پەروەردەکردنی مرۆڤن، کە ئەمانەن:

**یەکەمیان:** فیترەتێکی پاك و ڕێنیشاندەر بۆ ماناکانی (لا إله إلا الله)

**دووەمیان:** ژیرییەکی تەندروست و ڕێنیشاندەر بۆ ماناکانی (محمدٌ رسول الله)

**سێیەمیان:** بەخشندەیی و سـەخـاوەت.

---

(١) أول نزول الوحي كان يوم الأثنين، الحادي و العشرين من شهر رمضان، من العام الأربعين لميلاده.(السيرة النبوية في ضوء المصادر الصلية ١\١٦٤) .

## یەکەمیان:

# فیترەتێکی پاك و ڕێنیشاندەر بۆ ماناکانی

## ( لا إله إلا الله )

ئەم ئافرەتە(خديجة الكبرى ـ رضي الله عنهاـ) لە ناو نەفامی مەککە و خەڵکی مەککە ژیاوە، کە لەوپەڕی خراپی باری کۆمەڵایەتیدا بوون[(١)]، بەڵام هەروەك چۆن محمد

(١) عَنْ عُرْوَةُ بْنُ الزُّبَيْرِ أَنَّ عَائِشَةَ زَوْجَ النَّبِىِّ صلى الله عليه وسلم أَخْبَرَتْهُ أَنَّ النِّكَاحَ فِى الْجَاهِلِيَّةِ كَانَ عَلَى أَرْبَعَةِ أَنْحَاءٍ فَنِكَاحٌ مِنْهَا نِكَاحُ النَّاسِ الْيَوْمَ ، يَخْطُبُ الرَّجُلُ إِلَى الرَّجُلِ وَلِيَّتَهُ أَوِ ابْنَتَهُ ، فَيُصْدِقُهَا ثُمَّ يَنْكِحُهَا ، وَنِكَاحٌ آخَرُ كَانَ الرَّجُلُ يَقُولُ لاِمْرَأَتِهِ إِذَا طَهُرَتْ مِنْ طَمْثِهَا أَرْسِلِى إِلَى فُلاَنٍ فَاسْتَبْضِعِى مِنْهُ . وَيَعْتَزِلُهَا زَوْجُهَا ، وَلاَ يَمَسُّهَا أَبَدًا ، حَتَّى يَتَبَيَّنَ حَمْلُهَا مِنْ ذَلِكَ الرَّجُلِ الَّذِى تَسْتَبْضِعُ مِنْهُ ، فَإِذَا تَبَيَّنَ حَمْلُهَا أَصَابَهَا زَوْجُهَا إِذَا أَحَبَّ ، وَإِنَّمَا يَفْعَلُ ذَلِكَ رَغْبَةً فِى نَجَابَةِ الْوَلَدِ ، فَكَانَ هَذَا النِّكَاحُ نِكَاحَ الاِسْتِبْضَاعِ ، وَنِكَاحٌ آخَرُ يَجْتَمِعُ الرَّهْطُ مَا

(صلى الله عليه وسلم) لەو كاتەدا كە ناپاكی زۆربووبە (الأمين) ناسراوبوو، هەمان شێوە (خديجة الكبرى ـ رضي

---

دُونَ الْعَشَرَةِ فَيَدْخُلُونَ عَلَى الْمَرْأَةِ كُلُّهُمْ يُصِيبُهَا . فَإِذَا حَمَلَتْ وَوَضَعَتْ ، وَمَرَّ عَلَيْهَا لَيَالِىَ بَعْدَ أَنْ تَضَعَ حَمْلَهَا ، أَرْسَلَتْ إِلَيْهِمْ فَلَمْ يَسْتَطِعْ رَجُلٌ مِنْهُمْ أَنْ يَمْتَنِعَ حَتَّى يَجْتَمِعُوا عِنْدَهَا تَقُولُ لَهُمْ قَدْ عَرَفْتُمُ الَّذِى كَانَ مِنْ أَمْرِكُمْ ، وَقَدْ وَلَدْتُ فَهُوَ ابْنُكَ يَا فُلاَنُ . تُسَمِّى مَنْ أَحَبَّتْ بِاسْمِهِ ، فَيَلْحَقُ بِهِ وَلَدُهَا ، لاَ يَسْتَطِيعُ أَنْ يَمْتَنِعَ بِهِ الرَّجُلُ . وَنِكَاحُ الرَّابِعِ يَجْتَمِعُ النَّاسُ الْكَثِيرُ فَيَدْخُلُونَ عَلَى الْمَرْأَةِ لاَ تَمْتَنِعُ مِمَّنْ جَاءَهَا وَهُنَّ الْبَغَايَا كُنَّ يَنْصِبْنَ عَلَى أَبْوَابِهِنَّ رَايَاتٍ تَكُونُ عَلَمًا فَمَنْ أَرَادَهُنَّ دَخَلَ عَلَيْهِنَّ ، فَإِذَا حَمَلَتْ إِحْدَاهُنَّ وَوَضَعَتْ حَمْلَهَا جُمِعُوا لَهَا وَدَعَوْا لَهُمُ الْقَافَةَ ثُمَّ أَلْحَقُوا وَلَدَهَا بِالَّذِى يَرَوْنَ فَالْتَاطَ بِهِ ، وَدُعِىَ ابْنَهُ لاَ يَمْتَنِعُ مِنْ ذَلِكَ ، فَلَمَّا بُعِثَ مُحَمَّدٌ صلى الله عليه وسلم بِالْحَقِّ هَدَمَ نِكَاحَ الْجَاهِلِيَّةِ كُلَّهُ ، إِلاَّ نِكَاحَ النَّاسِ الْيَوْمَ . صحيح البخاري ( ٥١٨٢ ط مكنز) و ينظر : ((باب في وجوه النكاح التي كان يتناكح بها أهل الجاهلية )) من سنن أبي داود(٣\٥٨٣ ـ ٥٨٤ ط : الأرنؤوط).

الله عـنهاـ) به (الطاهرة) ناسراوبوو[(١)]. واتە: (پاکژ) لەبەر دووری لە هەموو ئەو دیاردە ناپەسندە کۆمەڵایەتییانەی کە لای خەڵکی مەککە شتێکی سروشتی بوون، بەڵام لای (خديجة الكبرى ـ رضي الله عـنهاـ) تاوان بوون، تەنها بە پێوەری فیترەتە پاکەکەی، ئەو فیترەتەی کەلەسەری لە دایك بووە، خراپی دەوروبەر نەیتوانیوە بیشێوێنێت، بۆیە کاتێ گوێبیستی یەکەم وتەکانی وەحی دەبێت ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ﴿١﴾ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ﴿٢﴾ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ ﴾ لە زاری هاوسەرەکەی محمد (صلى الله

---

(١) كانت خديجة ( رضي الله عنه) تدعى في الجاهلية بالطاهرة لتركها ما كانت تفعله نساء الجاهلية ينظر: طبقات ابن سعد(١٧\٨) و سيرة ابن هشام (٢٠٥\١) و أمهات المؤمنين في السنة النبوية ص١٤٩.

عليه وسلم) دەزانێت لای خوداوەیه و ئیمان دەهێنێت به ((لا إله إلا اللّٰه))، بەو خودایه سوێند دەخوات بۆ هاوسەرەکەی محمد (صلى اللّٰه عليه وسلم)، که خودا هەموو کات سەربەرزی دەکات و سەر شۆڕی ناکات ((كَلاَّ وَاللَّهِ مَا يُخْزِيكَ اللَّهُ أَبَدًا)) و خوداش ئەوەی (خديجة الكبرى ـ رضي اللّٰه عنهاـ) فەرمووی ئەوی هێناجیٚ و محمد (صلى اللّٰه عليه وسلم)ی سەرخست و سەربەرزیکرد.

شاهێدی پەروەردەیی لەم خاڵەدا بریتییه له پاراستنی فیترەتی پاك له تاوان، بەتایبەتی له قوناغه یەکەمەکانی ژیانی گەنجی، چونکه هەرکات فیترەتێکی پاکی دوور له تاوان، گوێبیستی قورئان و پەیامی ئیسلام بێت، ئەوا هەرگیز ڕەتی ناکاتەوە، بەڵکو پەیامەکەی له

ئامێز دەگرێت بۆ خۆی و گشت مرۆڤایەتی، وەکو چۆن دایکمان خدیجە (رضي الله عنها) پەیامەکەی لە ئامێزگرت و زانی لە خوداوەیە لەگەڵ یەکەم گوێبیستنی بۆ پەیامی قورئانی پیرۆز: ﴿ٱقْرَأْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلَّذِى خَلَقَ ۝١ خَلَقَ ٱلْإِنسَٰنَ مِنْ عَلَقٍ ۝٢ ٱقْرَأْ وَرَبُّكَ ٱلْأَكْرَمُ ۝٣ ٱلَّذِى عَلَّمَ بِٱلْقَلَمِ ۝٤ عَلَّمَ ٱلْإِنسَٰنَ مَا لَمْ يَعْلَمْ﴾ .

❊ ❊ ❊ ❊ ❊

## دووەميان:

# ژيرييەكى تەندروست و ڕێنيشاندەر بۆ ماناكانى ( محمدٌ رسول الله )

ژيرى بەخشندەييەكى خوداى پەروەردگارە بە هەنديك كەس دەبەخشێت، لوتكەى ژيريش بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە كە مرۆڤ كاتى هەڵسوكەوتكردنى لەگەڵ دەوروبەرى خويدا بتوانێت بەجوانى دەوروبەرى خۆى هەڵسەنگێنێت و بيناسێت، ملكەچ بێت بۆ قەبوول كردنى ڕاستى و ڕەوشت بەرزى.

ناسينى ئەم ئافرەتە پايەبەرزە (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنها ـ) بۆ كەسايەتى محمد (صلى الله عليه وسلم) گەورەترين بەڵگەى ژيرى و بليمەتى ئەم ئافرەتەيە، پێوەرى

جیاکاریش لای ئەم ئافرەتە ژیرە، کە بەهۆیەوە کەسانی دەوروبەر هەڵدەسەنگێنێت، ڕەوشت بەرزییە ، بۆیە کاتێ گوێبیستی ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ۝١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ۝٢ ٱقۡرَأۡ وَرَبُّكَ ٱلۡأَكۡرَمُ﴾ دەبێ لە زاری هاوسەرەکەی **محمد** (صلی الله علیه وسلم) ئەزانێ وشەکان لە خوداوەیە، چونکە هەموو پایەکانی ڕەوشت بەرزی لە کەسایەتی ئەم پیاوە ـ **محمد** (صلی الله علیه وسلم) ـ بەرچاوی کەوتوون، لای جێی گومان نییە کە **محمد** (صلی الله علیه وسلم) ڕاست گۆیە و لە خۆیەوە شتێك هەڵنابەستێت، بۆیە ناخی لەگەڵ یەکەم گوێبیستنی بۆ ئایەتەکانی قورئان بە ماناکانی (**محمد** رسول الله)

ئاشنادەبێت، و دڵەدڵەی هاوسەرەکەی محمد(صلى الله عليه وسلم) دەداتەوە و  باس لە هەندێك لە ڕەوشت بەرزییەکانی دەکات و دەفەرمێت: تۆ کەسێکی: صیلەی ڕەحم بەجێدەگەیەنی، دەستی بێچارە دەگری، یارمەتی هەژار دەدەی، ڕێز لە میوان دەگری، بۆ هەموو کۆمبوونێك لەسەر سەرخستنی مافە ڕەواکانی خەڵك هاوکاری دەکەی.

کەزانایان بەم سیفەتانە دەڵێن (موانع الذل) واتە: (سیفەتە ڕێگرەکان لە شەرمەزاربوون) و بێگومان بۆچوونی (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنهاـ) لەجێی خۆی بوو، و هەموو کات ژیری و ملکەچی بۆ ڕەوشت بەرزی ڕێگرن لە بۆچوونی هەڵە، ڕێگان بۆ هیدایەت.

جێی شاهێدی پەروەردەیی لەم خاڵەدا ئەوەیە کە هەرکات پێوەری ژیری لا تاکەکەس و کۆمەڵگا ڕەوشت بەرزی بێت، ئەوا کۆمەڵگایەکە ڕێگای محمد (صلی الله علیه وسلم) دەگرتە بەر و پەیامەکەی دەخاتە ئامێز، لە کاتی یەکەم گوێبیستنی بۆ قورئانی پیرۆز. هەروەك چۆن دایکمان خدیجە (رضي الله عنها) ئەم پەیامەی خستە ئامێز لەگەڵ یەکەم گوێبیستنی بۆ قورئانی پیرۆز، چونکە پێوەری ژیری لای ئەو ڕەوشت بەرزی بوو.

ئەوەی ئەمڕۆ مرۆڤایەتی بە دەستییەوە دەناڵێنێت، ئەوەیە کە پێوەری ژیری تەنها بەها ماددییەکان و کۆکردنەوەیانە، بۆیە دژایەتی پەیامی ئیسلام بە ڕێگای جودا جودا دەکرێت، بەڵام ئەوەی جێگای دڵخۆشییە

مزگێنی قورئانی پیرۆزە، کە مرۆڤایەتی بەم پەیامە شاد دەبێت: ﴿يُرِيدُونَ أَن يُطۡفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَيَأۡبَى ٱللَّهُ إِلَّآ أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ [1] واتە: ناحەزانی ئیسلام لە هەوڵدان ڕووناکی پەیامەکەی بە فووی دەمیان بکوژێننەوە، بەڵام خەیاڵیان خاوە، خودا ناهێڵێت ئەم ئاواتەیان بێتەدی، خودا نووری خۆی کە پەیامی ئیسلامە سەردەخات، هەرچەندە ئەم سەرخستنە جێگەی دڵتەنگی و سەغڵەتی کافرەکان بێت.

(١) التوبة :٣٢

## سێیەمیان:

## بەخشندەیی و ســــــەخـــــــاوەت.

ئەو سیفەتانەی کە (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنهاـ) وەسفی هاوسەرەکەی (محمد ـ صلى الله عليه وسلم ـ) پێدەکات: ((إِنَّكَ لَتَصِلُ الرَّحِمَ ، وَتَحْمِلُ الْكَلَّ ، وَتَكْسِبُ الْمَعْدُومَ ، وَتَقْرِي الضَّيْفَ ، وَتُعِينُ عَلَى نَوَائِبِ الْحَقِّ)) بەڵگەی ئەوپەڕی سەخاوەتی دایکمانن( رضي الله عنها) لە چەندین ڕوویەوە لەوانە:

یەکەمیان: بەڵگەن کە مانا بەرزەکانی ژیان لای (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنهاـ) بریتین لە سوود گەیاندن بە دەوروبەر لە دەستگرتنی بێچارە و بەخشین بەهەژاران و

هاوكاريكردنى لێقەوماوان، ستەم لێكراوان... هتد، ئەم مانا بەرزانەش بناغەى بەخشندەيى و سەخاوەتن.

دووەميان: دايكمان خەديجە( رضي الله عنها) گشت ئەم سيفەتانە: بەخشين بەهەژاران، هاوكاريكردنى لێقەوماوان و ستەم لێكراوان و گەياندنى صيلەى ڕەحم ...هتد دەداتە پاڵ هاوسەرەكەى (محمد ـ صلى الله عليه وسلم ـ) ئەمە لە كاتێكدا زۆربەى ئەم سيفەتە بەرزانە بە ماڵى دونيا دەكرێن، پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) زۆربەى ئەم سيفەتانەى بە ماڵى خێزانە دەوڵەمەندەكەى (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنهاـ) بە جێگەياندووە! لە باسى خێزانەكەشيدا (خديجة الكبرى ـ رضي الله عنهاـ)

دەفەرمێت: (( و واسَتْنِي بِمالَهَا إذْ حَرَمَنيَ النّاسُ))[(١)] واتە : کاتیٚ خەڵك پشتی تێکردم پشتگیری پەیامەکەمیان نەکرد، خەدیجە(رضي الله عنها) بە ماڵەکەی پشتگیری کردم، بەڵام خەدیجە باس لەمە ناکات، چونکە خۆی و ماڵەکەی بە هی خێزانەکەی و پەیامی خێزانەکەی دەژمێرێت، بۆ یارمەتیدان و خزمەتکردنی ئەوانەی یارمەتی و خزمەتیان پێویستە. ئەمەش ڕووی گەش و بەخشندەیی دایکی موسڵمانانە.

جێی شاهێدی پەروەردەیی لەم خاڵەدا، ئەوەیە کە سەخاوەتی ئافرەت لە خێزاندا، بە بەخشین و خزمەتکردنی دەوروبەری، بەتایبەت لە ڕێگای هاوسەرەکەی، بەردی

(١) أخرجه أحمد في مسنده(٦\١١٧ـ١١٨) و الطبراني في الكبير(٢٣\١٣) وحَسَّنَ إسناده الهيثمي في مجمع الفوائد(٩\٢٢٤).

بناغەی کۆمەڵگایەکی شادمانە، کە ئەمرۆ لە هەموو کات زیاتر مرۆڤایەتی پێویستی پێیەتی، تاوەکو لە نەهامەتییەکانی ڕزگاربێت.

*** 

ئەم سێ بنەمایەی کەسایەتی دایکی موسڵمانان (رضي اللّٰه عنها):

*پاکژی فیترەت.

*ژیری.

*سەخاوەت.

ئەمانە گەورەترین بنەمای ڕەوشت بەرزین و پیرۆزترین ئەرکی ئاینین، کە پێویستە مرۆڤ پارێزگارییان لێ

بکات، بە دوورکەوتنەوە لە سەرپێچی و ڕاستی و دروستی بیرکردنەوە و زۆری بەخشندەیی، کە دایکمان خەدیجە (رضي الله عنها) هەموویانی کۆکردبووە لە ڕۆژگارێکدا کە خۆی تەنها نیوەی ئیسلام بوو، نیوەکەی تریش هاوسەرەکەی محمد (صلی الله علیه وسلم) بوو، کەدەفەرمێت: ((إنما بُعثتُ لأُتمم مَكَارِمَ الأخلاق))[1] واتە: (پەروەردگار منی ناردووە، بۆ تەواوکردن و گەیاندنی پایەکانی ڕەوشت بەرزی )

وصلَّى الله على نبينا محمد وآله وصحبه وسلم .

ba8.org walamakan.com

(١) أخرجه أحمد في مسنده (٢\٣٨١) و البخاري في الأدب المفرد(٢٧٣) و التأريخ الكبير(٧\١٨٨) و البزار في مسنده البحر الزخار(١٥\٣٦٤) و الحاكم في مستدركه(٢\٦٧٠) وقال: صحيحٌ على شرط مسلم ولم يخرجاه.